ژمارە ٧
تشرینی دووەمی ٢٠٠٧

## دلاوەر قەرەداغی:

# پیموایە ئەوە شیعرە کە هەمیشە شادومانانە دەستی پیاوێکی نائومێد و ڕەشبینی وەك من دەگرێ و دەمپەڕێنێتەوە بۆ ئەمبەری پەپوولە



**دیمانە : کارۆخ فەهمی**

دلاوەر قەرەداغی دەنگێکی ناسراوی شیعری ئێمە، جگە لەوەی وەك شاعیرێکی ووردبین و ناسك ناسراوە، وەرگێڕێکی بە توانا و پڕ بەرهەمە. ئەوەی شیعری دڵاوەر جیا دەکاتەوە لە هاوڕێ شاعیرەکانی تری ئیشکردنیەتی لەسەر شتە فەرامۆشکراو و لەبیرچووەکان. دەست بردن بۆ ئەو کەلەبەرانەی کە تائێستا پەییان پێنەبراوە، هێنانەدەنگی بچووکترین و پەراوێزخراوترین مەخلوق. لە شیعری ئەودا شتە بێبایەخەکانی وەك (قووتوی ناو جۆگەلە) مەیدانێکیان هەیە بۆ خۆدەرخستن و قسە کردن. بۆ پتر ئاشنا بوون بەکارو بەرهەمەکانی شاعیرو دەرخستنی بەشێکیتر لە دونیا بینی و تێڕوانینی ئەو بۆ هەریەك لە شیعرو وەرگێڕان ئەم دیمانەیەمان لەگەڵدا سازکرد:

**– سەرەتاکانی خوێندنەوە و نووسینی تۆ کەی و چۆن بوو؟ ئەگەر بیرت مابێ یەکەمین کتێبێك کە خوێندتەوە یا هەر کتێبێك کاریگەری لەسەر تۆ هەبێت لەو زەمانەدا؟**

★ یەکەمین کتێبێك خوێندمەوە (فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ) بوو. نەك هەر ئەو کتێبەم دەیان جار خوێندەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کتێبەکە هی خۆم نەبوو، بۆیە لەسەر پەرەی دەفتەرەکانی قوتابخانە هەر هەموو کتێبەکەم نووسییەوە و بە دەرزی و دەزوو دووریمەوە و بەرگێکم لە فایلێکی پەمەیی تێگرت. چەند ڕۆژێك دوای ئەوە، سلێمانی تەحەریی دەکرا و عەسکەر هاتن و چەند کوردێکی تفەنگ لەشان چاوساغییان دەکردن، ئەفسەرێکی عەرەب دەستی برد و کتێبەکەی لەژێر نوێنەکانماندا دەرهێنا و ئیدی من دڵی منالییم داخورپا. چەکدارێکی کورد ناونیشانی کتێبەکەی بۆ ئەفسەر و عەسکەرەکان تەرجومە کرد. بەوەی باش بوو چەکدارە کوردەکە مامۆستای کوردیمان وماڵیشیان هەر لە گەڕەکی خۆمان بوو. دیار بوو ئەویش کتێبەکەی خوێندبۆوە. چونکە زەردەخەنەی هاتێ و وا بزانم کورتەی چیرۆکەکەی بۆ ئەفسەرەکە تەرجومە کرد

و دیاربوو ئەفسەرەکەش باوەڕی پێنەکرد بۆیە ناوی باوکمی نووسی و کتێبەکەی لەگەڵ خۆیدا برد. بەڵام ئەوەی هەرگیز لەیادم ناچێ دۆزینەوەی کتێبەکە و پەشۆکان و سپی هەڵگەڕانی ڕوخساری دایك و باوك و خوشك و برا بچکۆلەکانم بوو. چونکە ئەوان نەیاندەزانی کە من شتێکی لەو جۆرەم لەو شوێنەدا شاردۆتەوە. ئەقڵی منالییم لەو ساتی تەحەریی کردنەدا پێی گوتم کە ئەوان هاتوون هەموو کاغەز و کتێبێك بەرن. لەبەرئەوەی کتێبی ترم نەبوو، وا بزانم زیاد لە سەد جار ئەو کتێبەم خوێندبۆوە، نەك هەر بۆ خۆم بەڵکو بۆ دایکم و نەنکم و هەر هەموو ئەو کەسانەی کە بۆ میوانیمان دەهاتن و شەو لە لامان دەمانەوە.

**– دروست بوونی لەحزەیەکی شیعری و نووسینی دەقێك لای تۆ چۆنە؟ مەرجە وەك لەتیف هەڵمەت دەڵێت:( دەرۆم هەندێ تووی شادی لە لادێییەك قەرز دەکەم... هەندێ گوڵی ئاسوودەیی لەشێتێ وێڵ دەقەپێنم...دەرۆم هەندێ خەونی خۆش خۆش لەمناڵێك دەدزم و شیعرێکی جوان لە دەفتەرە تازەکەمدا تۆمار دەکەم...) مەرجە ئەو چرکە شیعریانە ئەزموون بکەیت و ئینجا بنووسیت؟**

⋆ لە ڕاستیدا ئەو لەحزەیە لای من بۆ خۆی جۆرێکە لە نهێنیی و ڕەنگە قسەکردن لەبارەیەوە نەمانباتەوە هیچ کوێ. تەنها دەتوانم بڵێم کە تا ڕادەیەکی زۆر ئەو لەحزەیە دەناسمەوە و کە دێت وەك مناڵێکی تەنیا و تینوو، بە ترس و لەزەتەوە خۆم دەدەمە بەر ڕێژنەی. ئەو لەحزەیە کە وادەی هاتنی دێت ئیدی من هەستدەکەم ئەو کەسەی سات و ڕۆژەکانی تر نیم. خەمێکی سەیر و چێژبەخش دامدەگرێ و لە ترس و خۆشیدا جێگە بەخۆم ناگرم، بەجۆرێك دەتوانم بڵێم گەر بایەك پەلەپیتکەم لێبدات، ئەوا وەك گەڵایەکی وشك ورد دەبم. لەو ساتانەدایە کە من دەتوانم لە خۆمی ڕۆژانەم تێپەڕێنم، لە خۆمی پێوەندییگەلی هەرەمەکی و ئەندازەیی، لە خۆمی خشتەی لێکدانی دەقیقە و سەعات و ڕۆژە ژمارەییەکان. لەو ساتانەدایە کە ئیدی من هەستدەکەم ئیشێکی گرنگم هەیە و شتێکی گرنگ سەرقاڵی کردووم و دەبێ بکەومە ڕێ و بڕۆم، بەڵام خۆیشم نازانم بۆ کوێ! هێندە دەزانم کە دەبێ وەك جەنگاوەرێکی پیر و بە نەختێك حیکمەتی عاریفانەوە، بەدیار قۆزاخەی کرمی ئاوریشمەوە دانیشم و بەوپەڕی ئارامییەوە چاوەڕێ بکەم تا کرمێ بچکۆلە و نەرم و نیان، خودا باڵی پێدەبەخشێ و دەیکاتە پەپوولە و هەڵدەفڕێ.

**– بەفری ێو عەجولی منداڵی، بەفری ێو کۆڵانەکانی (لیکو ڤریسی)، بەفر لەێو (فرانسیسکۆس قەدیسی من) بەفر لە چیرۆکەکانی( گوڵی تەرەقی)، ئارەزووی وەرگێڕانی (بەفر)ی ئورهان پامۆك، کەچێ (زستان دێت) دەنووسیت. ئایا زستان مژدەی بەفری پێییە؟ یا ئەمەش خۆشەویستییە بۆ زستان بەدیوێکی تردا؟ ئەمانە لەکوێدا یەکدەگرنەوە؟**

⋆ ڕاستدەکەیت ... من پێوەندییەکی نهێنی ئامێزم لەگەڵ زستان و بەفردا هەیە. سوپاسیشت دەکەم کە ئەو تێگەیشتنەت بۆ ئەو پێوەندییەی من بە زستان و بەفرەوە، وەك هەندێك خوێندنەوەی ئاسایی و یەك لایەنە نەبەستۆتەوە بە چەمکگەلی سوواوی وەك ڕەشبینی و شتی لەو بابەتەوە. لەو قەسیدەیەدا، هەمان ئەو کەشی سەرما و زوقمەیە کە لە هەندێك لە کارەکانی تردا هەیە، بەڵام بە جیاوازییەیەك کە لێرەدا زستان بە دیوێکی تر و لە ڕیتواڵێکی تردا بەرجەستە دەبێت، واتە لە دیوە دڵەڕق و بێرەحمەکەی زستاندا. هاوکاتیش دوعایەکی منداڵانە و خۆزگەیەکی شاعیرانەیە بۆ مانەوەی دایکم و کتێبەکانی سەر جادەدە و هەرمێکانی سەر عارەبانەیەکی پیر لە تاقی منداڵێتیی خۆیانا.

**– زۆر جار ئەو شیعرانەی کە بۆ ڕوداوێك یا کارەساتێك نووسراون، دوای زەمەنێك ئەو ڕوناکیەیان نامێنێ کە لە کاتی ڕوداوەکەدا هەیانبووە. قەسیدەی (کۆڤان)، (ڕەنگی خۆڵ) ، (خودایە...ئەو بەردانە بکە بەکۆتر)، زۆر شاعیری تر شیعری بۆ ئەو ڕوداوانە نووسیوە، بەڵام هەستدەکەم ئەوەی ئەم شیعرانە لەوانی تر جیادەکاتەوە، نەرمونیانی و لەسەرخۆیی زمانی شاعیرە لەگەڵ ڕوداوەکاندا، واتا ئەوەندەی خەریکی لاواندنەوەی قو ڕ با نیە کا نیت ، ئەوەندە لە هەوڵی دەرخستنی بکەرو فیگەرەکانی پشتەوەیان نیت ( کە ئەمە ئیشی شیعر نییە) ئەمەوێ بڵێم: تۆ چۆن لە ( شیعری ڕوداو) دەڕوانیت؟**




⋆ هیچ شیعرێك ڕووداو نایکاتە شیعر، بەڵکە ئەوە شیعرە کە ڕووداو دەکاتە شیعر و لە پرۆسەی بەرهەم هێناوەنەوەی ئێستاتیکا و مێژوودا خودی شیعرەکە دەکاتە ڕووداو. بێگومان ئەوەی لەوێدا ڕۆڵی گرنگ دەبینێ بە بڕوای من دەسەڵاتی زمان و خەیاڵ و هەژموونی شاعیرە بۆ داگیرکردنی فەزای ڕووداو و هێنانی بۆ ژێر دەسەڵاتی شیعر. لە مێژووی ئەدەبیاتدا زۆرن ئەو ڕووداو و ناوانەی کە لە قەڵەمڕەوی ئەدەب و هونەردا بوونەتە کار و بەرهەمی ناوازە و جوان. بەڵام وەك لەدیدارێکی تردا گوتوومە هەمیشە ئەوە ڕووداوە کە دەبێتە پاشکۆی شیعری جوان. ئەگینا وەکی تر خۆت گوتەنی زۆرن ئەو شیعرانەی کە خۆیان بە شان و ملی ڕووداوەکانا هەڵدەواسن کە دواجار نەك هەر دوو دێری جوانیان لێبەرهەم نایەت، بەڵکو خودی ڕووداوەکەش لە هەموو چەشنە سیحر و مانایەك بەتاڵ دەکەنەوە. بە گشتی لای من هەموو ڕووداوێك نابێتە شیعر، کاتێ چانسی ئەوەشی دەبێ ببێتە پاشکۆی شیعری جوان، ئەوا ئیدی لە ڕووداو دەردەچێ و

"کار وەرگێڕان، گەر هەڵە نەبم وەك خوێنێك وایە کە دەکرێتە جەستەی کەسێکەوە، دەبێ ئەو خوێنە لەگەڵ ئەو خوێنەدا هەڵبکا کە دەکرێتە جەستەی کەسەکەوە"

خودی شیعرەکە دەبێتە رووداو.

**– لەپاڵ ئەو دەقە شیعریە جوانانە، کەچی کەمترین نووسین لەسەر دلاوەر دەخوێنینەوە، وەک زۆر شاعیری تر کە رەخنە فەرامۆشی کردوون. بۆیە پێم وایە تا ئیستاش دلاوەر وەک خۆی نەخوێندراوەتەوە، یا خوێنەری ئێمە بەخوێندنەوەی ئەم جۆرە شیعرانە رانەهاتووە، تا شیعری (تورە) و (یاخی) و (شۆرشگێر) هەبێ، کەس گوێ لەو شیعرانە ناگرێ کە باس لە سمۆرە و مێروولە و نوقڵی مینۆ دەکات، لێرەوە دەمەوێ بپرسم کام لەو خوێندنەوانەت بەدڵە کە لەسەر دەقێکی تۆ نوسرابێت؟**

★ هەر نووسینێك كە لەسەر دەقێكم نووسرابێت، جێگەی سەرنج و گرینگی پێدانم بووە، بەتایبەتی لە دوای دەرچوونی یەكەمین كۆمەڵە شیعرم ( پەیكەرێك لە باران ) ەوە. دەكرێ بڵێم ئەو نووسینانە، تا رادەیەكی زۆر گوری بەردەوامییان پێبەخشیم و ئاسۆی تریان لەبەردەممدا كردەوە و بەتایبەتی لەو تاریكایی و نائومێدییەی ژیانی یەك دوو ساڵی دوای راپەریندا، بوونە ئومێد و بوونە رێنوێن. نووسینەكانی ئازاد سوبحی بە عەرەبی و كوردی، خوێندنەوەكانی رێبین هەردی، موتەڵیب عەبدوڵڵا، سەروەر ئەحمەد، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، ئەحمەد عەبدولحسەین، ئەحمەدی مەلا، د. كەمال میراودەلی، پێشەكیی دڵشاد عەبدوڵڵا بۆ پەیكەرێك لە باران، نوسینێكی كاك شێركۆ بێكەس لەسەر كۆمەڵە شیعری ( تەیرەكانی ئیسماعیل ) .... ئەوانە هەمووی بێگومان لای من هەوڵ و خوێندنەوەی جوان و جیدیی بوون و جێگەی گرینگی پێدانمن. بەڵام لێت ناشارمەوە، ئەوەی لە ئێستادا زیاتر دڵم خۆش دەكا و گەورەترین وزە و چێژم پێدەبەخشێ، ئیمێڵێكی دوو سێ دێریی بە پیتی لاتینییەكی شپرزە نووسراو بەڵام راستگۆیانەی خەڵكانێكن كە نە دەیانناسم و نە دەشزانم لە كوێ دەژین.

**– تۆ ساڵانێکە لە نیشتمان دووریت، کەچی هەست ناکەین شیعری شاعیرێکی دوور لەزێد ئەخوێنینەوە، ئێستاش ئەڵێی لە سلێمانی یا لە قەرەداغەوە بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکانی دەنێریت، بۆچی ساردی ئەو وڵاتانە لەشیعری تۆدا نییە؟ لێرەوە چۆن دەروانیتە ئەدەبی تاراوگە؟ ئایا ئەو دەقانەی دوور لەنیشتمان دەنوسرێن ئەدەبی تاراوگەن؟**

★ نازانم پێوەندگەكانی ئەدەبی تاراوگە چین و ئەسڵەن شاعیری تاراوگە بوو كێیە. وەك پێشتریش گوتوومە، من بەشبەحاڵی خۆم كە لە نیشتمانیش بووم هەر هەمان كەس بووم. ئەوەی گۆڕاوە گواستنەوەیەكی جوگرافیایی منە لە شوێنێكەوە بۆ شوێنێكی دی. من هەر هەمان ئەو كەسەم كە لە نیشتمان بووم، هەمان كەس بە هەمان خەون و خولیا و خۆگە و هەمان لەحزەكانی نامۆیی و شادیی و مەزەندەگەلی منالانەوە. بە هەمان شەر و ناكۆكیی و فەوزاوە. دەكرێ لە نیشتیمانیش بیت و هەستبكەیت لە تاراوگە دەژیت. خۆ دوای هورۆژمی جیهانگیریی و گچكەبوونەوەی دونیاش بە هێندەی گوندێك، ئیدی چ پاساوێك نییە تا بە هەمان روانینی جارانەوە چەمكی ئەدەبی تاراوگە بخوێنرێتەوە.

**– هەرچەندە من زۆر لەگەڵ جیاكردنەوەی نەوەكان نیم، بەڵام دلاوەر چۆن دەروانێتە نەوەی دوای خۆی، كە زۆرجار بە بێ بەهرە و خاوەن هەوڵی كرچ و كاڵ ناویان دەبەن، دەكرێ ناوی كەسانێكم بدەیتێ كە دڵت پێیان خۆشبێت و بتوانن لە داهاتوو شتی مەزن بكەن؟**

★ من هاورێیی زوربەی ئەو دەنگانەم و خۆیشم بە نەوەی پێش ئەوان نازانم. بەڵكو پێموایە هەموومان یەك نەوەین بە هەمان خەون و خولیا و تەنیاییەوە. جاروبار هەوڵی زۆر جوانی ئەو هاوڕێیانەم دەبینم ( گەرچی هەمووی لە یەك ئاستدا نین ) و پێیان دڵخۆش دەبم. پێموایە گرینگترین شت بۆ ئەو هاوڕێیانە ئەوەیە كە بەردەوام بن و بە یەكەم گورزی ئەم نێوەندە رۆشنبیرییەی ئێمە نەشكێن و نائومێد نەبن. گەر مەسەلە ناوهێنانیش بێت و من شتێكی لەوجۆرەم بۆ هەبێ، ئەوا دەكرێ لەمبارەیەوە جگە لە ناوی دوو شاعیری بەتوانای وەك لازۆ و ماردین ئیبراهیم، ناوی كیژێك بێنم كە نایناسم و زۆر كەم شیعر بلاودەكاتەوە و دوو سێ جار شیعری زۆر جوانیم بینیوە، ئەویش خاتوو نیاز عەبدوڵڵا یە كە لە راستیدا گەر بەردەوام بێت من بۆ خۆم ئومێدێكی گەلێك گەورەم بە گوری دەربرین و داهێنانی شیعریتی. وەكی تریش هێمن حەمە جەزا، ئیدریس عەلی، زانا سامان، گۆران سدیق، ئارام رەمەزان، كارزان عوسمان، عەلی پێنجوێنی، هێمن مەحموود، سدیق عەلی ...( دەبێ بمبوورن گەر هەر ناوێكم بیربچێ ) لەو دەنگانەی ترن كە من شیعرم بینیون و پێم جوان بوون. دەشێ شیعرگەلی جوانی كەسانێكی تریش هەبن كە من نەمبینیبن یان شیعرگەلێك كە جوان بن و من خاوەن ئەو توانایە نەبم كە چێژیان لێوەربگرم و بە شیعری جوانیان بزانم.

**– بەپێچەوانەی شاعیرانی دی كە هەمیشە نائومێد و خەمبارن، بەڵام تۆ هەردەم گەشبین وشادومان دیاریت، كەمنین ئەوانەی شادومانی بۆ شاعیر وەك خەوشێك دەبینن، لای تۆ شادومانی چ ماناو شكڵێكی هەیە؟**

★ دەبێ بڵێم من تەنها ئەو ساتانە شادومانم كە لەگەڵ شیعردام یاخود بە وەرگێرانێكی جوانەوە سەرقاڵم. ئەویش شادومانییەك لە جۆری شادومانییەكەی ( یۆهان سیباستیان باخ ) كە كاتێ ژنەكەی و دوو منالەكەی دەمرن، رووده‌كاتە ئاسمان و دەڵێ: خودایە، مەهێڵە شادومانییم لەدەست بدەم. پێموایە ئەوە شیعرە كە هەمیشە شادومانانە دەستی پیاوێكی نائومێد و رەشبینی وەك من دەگرێ و دەمپەرێنێتەوە بۆ ئەمبەری پەپوولە. دەنا وەكی تر من خۆم بە كەسێكی گەشبین و شادومان نازانم.

> **هیچ شیعرێك رووداو نایكاتە شیعر، بەڵكە ئەوە شیعرە كە رووداو دەكاتە شیعر**

**– زۆربەی ژانرەكانی ئەدەبت وەرگێراوە، بەڵام شیعر كەمتر، ئایا تۆش وەك شاملۆ پێت وایە شیعر وەرناگێردرێ و كارێكی مەحاڵە؟**

★ وەرگێرانی شیعر كارێكی مەحاڵ نییە، بەڵكو پێموایە گەرەكی بە توانا و هەژموون و دەسەڵاتێكی گەورە هەیە كە هەستدەكەم من خاوەنی نیم. چەند هەوڵێكی بچووكم لە بواری وەرگێرانی شیعردا هەیە، بەڵام نایشارمەوە كە وەك پێویست نین و نەمتوانیوە جوانی و سیحری ناوەوەی دەقەكە بكوردێنم. بەهەرحاڵ رەنگە ئەوە بەشێكی زۆری پێوەندی بەوەوە هەبێت كە من لەچاو رۆماندا خوێنەرێكی تەمبەڵی شیعرم و كەمتر شیعر دەخوێنمەوە.

**– كاری وەرگێران لای تۆ پتر لەئارەزوویەكی خودیانەی خۆت دەچێ، وەك ئەوەی لە خۆشەویستیدا حەز بكەی سەرپای كتێبێك بۆ هاورێیەكت بخوێنیتەوە! نەك هەستكردن بە بۆشایی و گرینگی كتێبەكە بۆ لاوان و خوێنەرێك كە تەنها كوردی ئەزانێت؟**

★ راست دەكەیت ... بێگومان وایە. ئەركی هەستكردن بە بۆشایی و خەم خواردن لە پركردنەوەی كتێبخانەی كوردی بە كتێبی گونجاو، ئەوە كاری دەسگایەكی گەورەیە و دەكرێ لەلایەن كەسانی پسپۆر و بەتواناوە بەرنامەی گونجاوی بۆ دابرێژرێ و كاری جیدیی بۆ بكرێ. ئێستا وەك بزانم هەندێك هەوڵ لەوبارەیەوە لە كوردستان هەیە و هیوادارم پەرەی زیاتر پێبدرێ و هەمەلایەنەتر بكرێ. سەبارەت بە وەرگێرانەكانی خۆیشم، پێموایە ئەو كتێبانە بە جۆرێك لەجۆرەكان خوێنەری عاشق و تینووی خۆیان دەدۆزنەوە و پیاسەی خۆیانی لەگەڵ دەكەن. من لێرەدا و هەر لەمیانەی ئەم قسانەماندا، ناكرێ رۆڵی دەزگای ئاراس و خودی برای بەرێز بەدران ئەحمەد لە چاپ و بلاوكردنەوەی ئەو وەرگێرانانەمدا لەیاد بكەم.

لە راســتیدا گەر ئەو نەبووایە باوەڕناکەم تا ئێستا بۆ نموونە ( راپۆرت بۆ گریکۆ ) چاپ ببووایە، کەچی ئەوە ئێســتا خۆم بۆ چاپی ســێیەمی ئامادە دەمکەم کە بەراوردکردنێتی لەگەڵ وەرگێرانە سوێدییەکەیدا. لەراستیدا کاك بەدران لە ســاتەوختێکدا فریای چاپکردنی ئــەو کتێبانە کەوت، کە ئیدی من تەواو لە چاپکردنیان نائومێد ببووم و بگرە خەریك بوو لەبەرچاویشم دەکەوتن.

**– پێموایــە دوارۆژ رەخنەگرێك گەر بیەوێت بەرهەمەکانی تۆ بخوێنێتەوە، ئەو کتێبانەی وەرتگێڕاون کۆمەکێکی باشــی دەکەن، چونکە نزیکایەتیەکی سەیر هەیە لەنێوان قەسیدەکانی تۆ و ئەو کارانە، کە ئەشێ هەر کتێبێك قەسیدەیەکی نەنووسراوی تۆ بێت. ئەمە لێ قبوڵ دەکەیت؟**

★ بێگومان ئەوە بۆچوونێکە و جێگەی ســەرنجە. وەك لە پرســیارەکەی پێشــوودا گوتم هەموو ئەو کارانەی وەك وەرگێران کردوومن هیچیان وەك ئەرکێکی ســەر شــان، یان تەماحی دەوڵەمەندکردنــی کتێبخانەی کوردی ئەنجامــم نــەداون. بەڵکو لە خۆشەویستــی لــە رادەبەدەرمــەوە بووە بۆ کتێبەکــە بەجۆرێــك کە حەزم کــردووە ئەو کتێبە خۆم نوســیبام و هی خۆم با. دەکرێ کاری وەرگێران لێرەدا تەحقیق کردنی حەزێکی لەبارچووی خۆم یان جۆرێك بێ لە تەعویز کردنەوەی بێتوانایی خۆم. لە راســتیدا کە مرۆڤ بە وەرگێرانی ئەو کارانەوە ســەرقاڵ دەبێت کە خۆشــی دەوێن، بۆی دەردەکەوێت کە چ خزمایەتییەکی نزیك لەنێوان ئێمەی مرۆڤەکاندا هەیە و چ هەســت و غەم و پەرۆشــییەکی قووڵ هەموومان پێکــەوە رایەڵدەکا. وەرگــێڕان لە ئاســتێکیدا خوێندنەوەیەکــی زۆر وردی کتێبێکە کە رەنگە لەمیانەی خوێندنەوەیەکی ئاسایی و یەك جار و دووجاریدا، زۆر نهێنی و ســیحری تێدا کەشف نەکرێت و ئەو نهێنی و سیحرانە هەروا ئاسان خۆیان بەدەستەوە نەدەن.

**– لە هەوڵەکانی تۆدا هەست ناکەین کتێبێکی وەرگێردراو دەخوێنینەوە، وەك ئەوە وایە بەکوردی نووسراوێت. واتا تۆ تا موخی نووسین لەگەڵیدا هەوڵ دەدەیت و بەرگێکی زۆر کوردانەی بەبەردا دەکەیت، ئەمەوێ بپرسم تۆ چۆن لە وەرگێرانی ئازاد ئەروانیت؟**

★ لە راســتیدا چ شــتێك لەبــارەی وەرگێرانی ئازادەوە نــازانم. ئەوەی دەیــزانم ئەوەیە کــە کاری وەرگێڕان، گەر هەڵە نــەبم وەك خوێنێك وایە کە دەکرێتە جەســتەی کەســێکەوە، دەبێ ئەو خوێنە لەگەڵ ئەو خوێنەدا هەڵبکا کە دەکرێتە جەستەی کەسەکەوە. لەمبارەیەوە مەبەستمە بڵێم کە وەرگێر دەبێ بزانێ چ کارێك بــۆ وەرگێران هەڵدەبژێرێ. کارێك کە لەگەڵ توانا و ســەلیقە و دونیای خۆیدا هەڵبــکا. دەنا وەرگێرانێکی زیندووی وای لێناکەوێتەوە کە هەر دێر و پەرەگرافێکی خورەی بێت لە ژیان. مەبەستم لە وەرگێران، هەر بە تەنها وەرگێرانی وشە نییە، هەر بە تەنیا زانینی زمان نییە، بەڵکو وەرگێرانی دونیا و فەزا و رۆح و ریتمی ناوەکیی کارەکەیە. من بۆ خۆم لە کاری وەرگێراندا ئەزموونێکی ئەوتۆم نییە و ئەوەی کردووشمە هەوڵێکــی گچکە و ســەرەتاییە بۆ کاری باشــتر و جوانــتر. بەتایبەتی من ئێستا زمانی ســوێدییم لەبەردەستتدایە و بۆ ئایندەیەکی دووریش زمانی ئینگلیــزی، کــە دەکــرێ ئومێدیان بــۆ وەرگێرانی کاری باشــتر و جێگەی متمانەی زیاتر لەسەر هەڵبچنم.

**– لــە چاوپێکەوتنێکــدا باس لــە ژیان لەنێــو منداڵاندا دەکەیــت، دەکرێ شــتی زیاتری لەســەر بزانین؟ ئەم شــێوە ئیشــە رێکەوتە یا خۆت بە مەبەست هەڵتبژاردووە؟**

★ بێگومــان پێوەندیــی بە حــەزی خۆمەوە هەیە. من بــۆ خۆم حەزم لەکارکــردن لەنێو منــداڵان و خــودی چەمکی پیداگۆگی هەیە و دەشــێ هــەر ئەو حەزکردنە بێت کە لە کارکردن لەو بوارەدا نزیکی خســتبمەوە. بەتایبەتــی کــە لێرە لە وڵاتێکی وەك ســوێد گرنگییەکــی زۆر بەو لایەنە دەدرێت و توانا و ئیمکانیاتێکی گەلێك گەورەی لە هەردوو بواری خوێندن و پراکتیکدا بۆ تەرخانکراوە. وێڕای ئەوەش بەنیازم لە ساڵی ئایندەدا ( گەر بلوێ ) لە زانکۆ هەمان بابەت بخوێنم، پێم باشــبوو بەر لە دەستپێکردنی خوێندنەکە، ماوەیەك لەیەکێك لەو جێگایانەدا کاربکەم.

**– گەر بتگەرێنمەوە بۆ ســەرەتاکانی عاشقبوون و سەرەتاتکێکانی دڵداری، کەسێك هەبووە لەگەڵ بینیندا دڵت خێراتر لێی دابێت؟**

★ بەڵــێ ... بێگومان هەبووە!

**– لەگەڵ گەشت و سەفەردا چۆنیت؟**

★ لێت ناشارمەوە کە من لە تەمەنێکی زووی منداڵییەوە فێربووم بەخەیاڵ بۆ زۆر شــوێن بــڕۆم و زۆر جێگای ئەم دونیایە ببینــم. هەر ئەو خەیاڵی ســەفەرکردنەش یارمەتیداوم کە لە زۆر ســاتەوەختی بێــزاری و تەنیایی و تەنگەنەفــەس بــوون و دڵتەنگیی قووتاربم. من ئێســتایش کە دەتوانم بۆ هەر کوێیەکم بوێ بڕۆم، ئەو ســەفەرانەم لە ســەفەرە راستەقینەکانم پێخۆشــترە و لەزەتێکی گەورەتریان لێدەبەم و بە زەمیلە شــیعری جوانتر و بە بەرچنە هەنجیری گەییوترەوە لێیانەوە دێمەوە. بۆ نموونە قەسیدەی ( نازانم هەســتدەکەیت یان نــا .. کە چ تایەکی گەرمــە! ) لەیەکێك لەو ســەفەرانەمدا ســاڵی پار لە ( بۆرما ) نووسیم. قەسیدەی ( پیکابێکی باغە بە جادەی خۆڵی منداڵییەوە ) لە یەکێك لەو سەفەرانەمدا، ئەم بەهارەی کە رۆیشت، لە گوندێکی هیندستان نووسیم.

**– گەر بکرێ بە چەند وشەیەك گوزارشت لەمانە بکە:**

★ نیشتمان

- لەم دونیایەدا هیچ نیشتمانێك نییە
بوێری بڵێ :
من بەقەد تۆ
پیاوی گەشبین و پیاوی رەشبینم هەن
بوێری بڵێ : من بە قەد تۆ
پیاوی دڵرەق و
پیاوی وەك پەپوولە بێ وەیم هەن!

★ بەفرباران

- دڵێی خەون دەبینم
دڵێی ئەو ساتەیە کە بەفر دەبارێ و
شڵاڵم بە خوێندنەوەی یەکەمین نامەی تۆ
دڵێی ئەو ساتەیە کە ئێوارە بە چراکانییەوە دێ
لەسەر رەفەیەك تەنیایی شان دادا و
سیگارێك پێدەکا و
بە دەم سەیرکردنی کۆڵانەوە
وەنەوز دەیباتەوە و دەنوێ
دڵم خۆشە
مناڵێ خستوومییەتییە فرین
دڵێی وام لەژێر یەکەمین باراندا و
لە یەکەمین پیاسەم و
تەر تەرم بە لێزمەی بارانی یەکەم ئەووین!

★ گۆران

- شــیعری ئێمە بە بێ گۆران یەك بۆشــایی گەورەی تێدایە کە تەنها بە گۆران خۆی پڕ دەبێتەوە.

★ گوڵی تەرڤێ

- پاسەکەی شەمێران!

★ نەزەند بەگیخانی

- شاعیرێك لە رێحان

★ ئازاد سوبحی

= لەبەر کورد رێ نییە بڕۆین
لەبەر کورد رێ هەیە بمرین